# بۆ هەر دایك و باوكێك

چاودێریکردنی منداڵان بەشێکە لە پەروەردەکردنی منداڵ لەلایەن دایکو باوکەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە زیادەڕۆیی بکرێت لە چاودێرکردنیاندا، واتە مانای ئەوە نییە وەک ئاسایش چۆن چاودێریی تۆمەتبار دەکات، ئاوا دایکو باوک چاودێریی منداڵەکانیان بکەن، چونکە ئەوە کاریگەریی خراپی لەسەر ئاکاری منداڵ دەبێت. هەروەها نابێت دایکو باوک زیادەڕۆیی بکەن لە ڕەخنەگرتندا لە منداڵەکانیانو دەستبخەنە وردو درشتی کارو قسەکانیان، بەمەبەستی شادکردنیان بە نموونەبوون، لەبەرئەوەی ئەوە کاریگەریی پێچەوانەی دەبێتو گوێدێری ڕێنمایی ئامۆژگارییەکانی دایکو باوک نابن. ئەگەر دایک زیادەڕۆبێت لە چاودێریکردنو ڕەخنەگرتندا، ئەوا منداڵەکان، جا کچ بن یان کوڕ، زیاتر ڕەوودەکەنە باوکو مامەڵە لەگەڵ ئەودا دەکەنو پەیوەندیی لەگەڵ بەهێزدەکەن. ئەمەش دەشێت بۆ کوڕ وا لێکبدرێتەوە زوو چۆتە ژیانی پیاوانەوە، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کوڕ حەزدەکات لەو هەموو کۆتو بەندە هەڵبێت کە دایکی دەیسەپێنێ بەسەریدا. تەنانەت لەوانەیە زیادەڕۆیی دایک وا لە کوڕ بکات یاخی بێتو ئامادەنەبێت فرمانەکانی دایکو باوک جێبەجێ بکات. ئەگەر باوک زیادەڕۆبوو لە چاودێریکردنو ڕەخنەگرتندا، ئەوا منداڵەکان، جا کوڕبن یان کچ، زیاتر ڕووبکەنە دایکو پەیوەندیی لەگەڵ ئەودا پتەوبکەن. ئەمەش لەوانەیە بۆ کچ وا لێکبدرێتەوە زوو چۆتە ژیانی ژنانەوەو ئەوەی ئەو دەیکات سروشتییە، چونکە کچەو زیاتر لە دایکەوە نزیکە، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کچ حەزدەکات لەو کۆتو بەندانە ڕزگارییبێت کە باوک دەیسەپێنێت بەسەریدا. جارێکی دیکە دووپاتیدەکەینەوە چاودێریکردنی منداڵ کارێکی پێویستە، بەڵام بەبێ زیادەڕۆییو توندڕەویی لە جێبەجێکردندا.